# مەسیحییەت لەسەردەمی کۆنستەنتیندا (٣١٢-٣٣٧ز) لە دانپێدانانەوە بۆ دابەش بوون

## توێژینەوەیەکی مێژوویی ئایینییە

**چیا جوهر عمر [١] کامران محمد جلال [٢]**

[١،٢] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

دانپێدانان بەئایینی مەسیحی لەئیمپڕاتۆریای ڕۆمانی لەسەدەی چوارەمی زایینیدا سەرەتایەکی نوێی لەمێژوی ئەم ئیمپڕاتۆریایەدا هێنایە کایەوە، چونکە یەکێك لەو سیما شارستانییە گرنگانەی کۆمەڵگا و دەوڵەت و سەردەمێك پێی دەناسرێنەوە ئایینە، کە بەشێکی گرنگە لە کەلتوری کۆمەڵگاکاندا، هەرچەندە نزیکەی سێ سەدەبو ئایینی مەسیحی لە بڵاوبونەوەدا بو لە ئیمپڕاتۆریاکەدا، ئیمپڕاتۆرەکان لەماوەی ئەو سێ سەدەیەدا بەهەمو تواناکانیانەوە هەوڵی ڕێگریکردن و بنبڕکردنی ئەم ئایینەیان دەدا، بەڵام لەسەرەتاکانی سەدەی چوارەمدا بووە دیفاکتێکی بەرچاو، ئەوەبو لەزۆربەی ناوچەکانی ئیمپڕاتۆریادا لایەنگری زۆری پەیداکرد و بەتایبەت لەناوچە دورەدەستەکانی ئیمپڕاتۆریادا، بۆیە ئەم بابەتە بوە بەشێك لەسیاسەتی داهاتوی ئیمپڕاتۆریا، ئەوەبو ئیمپڕاتۆر کۆنستەنتین (٣١٢-٣٣٧ز) لە دوای ڕێپێدانی بە پەیڕەوکردنی لە مەڕسومی میلان لە٣١٣ز دا، دواتر کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە وەك پەیڕەوی دەوڵەت بەکاری بهێنێت و ئامانجە سیاسییەکانی لەتەکدا بگەیەنێتە ئەنجام، کە ئیمپڕاتۆریایەکی یەکگرتو، لەلایەن یەك ئیمپڕاتۆرەوە بەڕێوەببرێت. هەرچەندە ئامانجی سەرەکیی کۆنستەنتین ئەوەبو، بەڵام زۆری پێنەچو هەر لەسەردەمی ئیمپڕاتۆردا وەك هەر ئایدۆلۆجیایەکی تر، ئایینی مەسیحی کەوتە بەر دابەشبون و ڕاڤەکردن لەلایەن خودی پیاوانی ئایینی، هەرچەندەتێڕوانینەجیاوازەکان پتر لەلێکدانەوەی سروشتی کەسیی عیسا دەخولانەوە، بەڵام چەند ئایینزایەکی جیاوازی لێکەوتەوە، کە بەناوی ڕاڤەکارانییەوە ناونران، وەك ئاریۆسی و ئەسناسیۆسی و نەستوری، ئەوەش ئەنجامەکەی پێچەوانەکردەوە، بەوەی کە بووە سەرچاوەیەکی دابەشبونی هزری و کۆمەڵایەتی و دواتر سیاسی لەناو ئیمپڕاتۆریاکەدا، کە سەرەڕای بەستنی کۆڕبەندە جیاجیاکان نەیانتوانی بەر لەو دابەشبونانە بگرن و کڵێسەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەرەو لەیەکترترازان هەنگاویان نا و ئیمپڕاتۆرەکانیش بۆ بەرژەوەندی یان بۆ ڕاگرتنی بارودۆخەکان پشتگیری ئەم یان ئەو ئایینزایان دەکرد.

**وشە سەرەکییەکان:** کۆنستەنتین، کێشەکانی ئایینی مەسیحی، ئاریۆسی، ئەسناسیۆسی، ئیمپڕاتۆریای ڕۆمانی

---

## ١. پێشەکی

دیوێکی گۆڕانەکانی ئیمپڕاتۆریی ڕۆمانی لەسەدەی چوارەمدا، گۆڕینی ئایینی بوو، کە دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری تایبەت بە ئایینەکە، کەهاوکاتی گۆڕانە سیاسییەکانی ئیمپڕاتۆریای ڕۆمانی بوو، کە خۆی لە لاوازبوون و دورکەوتنەوەبو لەناوەرۆکی ڕۆمانیی کۆن، ئەوەبو سیستەمی سیاسی تا ڕاددەیەکی زۆر بەسەربازی کرابو، بۆیە ئاوەزی تاکەکەسی ئیمپڕاتۆرەکان یەکلاکەرەوەی ڕوداوەکان بون، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵگای ڕۆمانی بەرەو گۆڕانی گەورە کە خۆی لە لاواز بوونی سیستەمی کۆیلایەتی دەبینیەوە، مەسەلەی فراوانیی ئیمپڕاتۆریا بەرەو خۆرهەڵات، ئەمانە بونە هۆی خێراترکردنی ڕوداوەکان.

سەرەتاکانی سەدەی چوارەمی زایین تەنها ئەوەنەبو دان بە ئایینێکی نوێ دا بنرێت وەك ئایینێکی ڕێپێدراو، چونکە ئەو ڕوداوانەی کە بەدوای مەڕسومی میلاندا هاتن، وایانکرد ئایینی مەسیحی ببێتە ئایینی فەرمی ئیمپڕاتۆریا و ئەوەش زۆر بەخێرایی لەهەمو کایە کۆمەڵایەتی وشارستانی و سیاسییەکاندا ڕەنگی دایەوە، تا وایلێهات کە لە کۆتاییی سەدەی چوارەمدا زۆر لە بنەما و سیماکانی ڕۆمانیی کۆن کاڵ بونەوە و ئیمپڕاتۆرییان بەرەو وەرچەرخانێکی مێژوویی برد، تەنانەت هەندێ لە مێژونوسان بەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست یان سەرەتای ئیمپڕاتۆریایەکی خۆرهەڵاتی یان هیلینیی دادەنێن، تا لەسەدەی ٦-٧ زایینیدا بوە ئیمپڕاتۆریای بیزەنتەینی. ئەم

---

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٥، ژمارە ٢ (٢٠٢٢)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٥ تشرینی دووەم ٢٠٢١؛ پەسەندکردن: ١٣ حوزەیران ٢٠٢٢
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٣ حوزەیران ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: kameran.jalal@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٢ چیا جوهر عمر ، کامران محمد جلال، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - ٠ CC BY-NC-ND 4.

توێژینەوەیە ئامانجیەتی بەو هۆکارانە بگات، کەبونە هۆی ئەم گۆرانە ئایینیە گەورەیەو ئەنجامە سیاسی وئایینییەکانی دەربخات، ئایا چی پاڵی بەئیمپراتۆرێکی وەك کۆنستەنتین نا کە دان بەم ئاینەدا بنێت و بیکاتە بنەمای ئایدۆلۆجی ئیمپراتۆریا؟ و بۆچی هەر ئەو ئاینەی کەئیمپراتۆر لەرێگەیەوە دەیویست بیێتە هۆکاری یەکخستنی ئیمپراتۆریای رۆمانی، دواتر بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟ ئایا کۆڕبەندەکان بەئامانج گەیشتن؟ جیاوازییە هزرییەکانی ئەو ئاینە چی بوو؟ ئەم توێژینەوەیە لەچەند تەوەرێك پێکدێت، تەوەری یەکەم دانان بە ئاینی مەسیحییە لەلایەن ئیمپراتۆر کۆنستەنتین وهۆکارەکانی. تەوەرێکی تری توێژینەوەکە، سەرەتای لێکترازانە ئایینییەکانی ئاینی مەسیحی و جیاوازیی بیروبۆچونەکان و هەوڵدانی بەستنی کۆڕبەندەکان بۆ دانانی پەیڕەو و یەکخستنی بۆچونەکان.

بۆ بەئەنجامگەیاندنی توێژینەوەکە میتۆدی خستنەروی زانیاری و ڕوداوەکان و شیکردنەوەیان گیراوەتە بەر، تا بتوانین ئەودیوی ڕوداوەکانی بخوێنینەوە.

## ٢. کۆنستەنتین و دانان بە ئاینی مەسیحی

### ١.٢ مەرسومی میلان

سەدەی چوارەم بە یەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی دادەنرێت، چونکە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گەورە تیایدا ڕویداوە، بەتایبەتی گۆڕانکاری ئاینی، بەڵام لە سەرەتای سەدەی چوارەمدا هەروەك کۆتاییەکانی سەدەی سێیەم، ئاینی مەسیحی و ئاینی کۆنی ڕۆمانی لە ململانێیەکی توند دابون، پەیڕەوکارانی ئاینە نوێیەکەش لەلایەن ئیمپراتۆریاوە ڕێگرییان لێدەکراو دەچەوسێنرانەوە ( Odhal: ٢٠٠٥ ,٦٥-٦٦)، بەتایبەتی لەماوەی سیستەمی چوارینەدا و پاش وازهێنانی دیوکلیتیانوسیش لە ٣٠٥ز دا، بەهۆی پشێوی و ئاڵۆزیی سیاسی لەسەر دەسەڵات، بارودۆخی ئاینی هەر ناجێگیر بو، چونکە گالیروس لەشوێنی ئەو دەسەڵاتی گرتە دەست، لەسەر هەمان سیاسەتی ئەو بەردەوام بو، بەتایبەتی لەسیاسەتی بەرامبەر ئاینی مەسیحی، بڕیاری چەوساندنەوەی مەسیحییەکاني دا لە تەواوی ئیمپراتۆریادا (تشیسنکی: ٢٠٠٧، ٤٨) ، بڕیارەکانی گالیروس لە زۆربەی ناوچەکانی ئیمپراتۆریادا جێبەجێکران، تەنها کۆنستەنتیۆس کۆلۆرۆس لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا لە (وڵاتی گال و بەریتانیا) ئەو سیاسەتەی نەگرتەبەر، بەرامبەر مەسیحییەکان نەرمی دەنواند (Pamphilus, N. D, pp. ١٤-١٥)، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت سیاسەتی ئایینی ئیمپراتۆریا لەسەر تێروانینی ئیمپراتۆر بۆ ئاینەکە وەستاوەتەوە.

گەورەترین گۆڕانکارییش لە ئیمپراتۆریای ڕۆمانی و ئاینی مەسیحیدا لەو کاتەدا دروست بو، کاتێك کۆنستەنتین لەساڵی (٣١٣ز) بەشێوەیەکی فەرمی بەپێی مەرسومی میلان، دانی بە ئاینی مەسیحیدانا، وەك یەکێك لە ئاینە فەرمییەکانی ناو ئیمپراتۆریا ( Unknown,١٩٤٦p ., ٥١).

مەرسومی میلان وهۆکاری دانان بەئاینەکە لەلایەن کۆنستەنتینەوە، یەکێکن لەو بابەتانەی لەلایەن مێژونوسان و توێژەرانەوە بیروبۆچونی جیاوازیان لەسەرە و تائێستاش گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

سەبارەت بە مەرسومی میلان هەروەك لە پێشوتردا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، بەشێك لە مێژونوسانی کڵێسا جەخت لەوەدەکەنەوە مەرسومی میلان مەرسومێکە تایبەت بە ئاینی مەسیحی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم مەرسومە، مەرسومێکی سیاسییە نەك ئاینی، چونکە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی سیاسی نێوان دو سەرکردەی سیاسی بووە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە مەرسومەکە تایبەت نییە بە ئاینی مسیحی، بەڵکو تایبەتە بە هەمو ئەو ئاینانەی لەسنوری ئیمپراتۆریادا هەبون، چونکە لەدەق یەکەمیدا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە " ئێمە هەردو ئیمپراتۆر کۆنستەنتین و لیسینیوس لە میلان کۆبوینەوەو بە دوای هەمو ڕێگایەکی تایبەتدا گەڕاین بۆ بەرژەوەندیی گشتی و سەرپەرشتی کردنیان، بەتایبەتی لە بارەی ئازادی و بیروباوەڕ، بڕیارماندا و ئەو مەرسومەمان دەرکرد، بۆ پاراستنی مەسیحییەکان و لایەنەکانی تر ئازادن لە هەڵبژاردن و پەیڕەوکردنی بیروباوەڕەکانیان کە خۆیان پێی ڕازین و هەڵیدەبژێرن" ( Lactantius: ١٨٧١ , ٢٠٧). بەشێك لە توێژەران پێیانوایە مەرسومی میلان شتێکی نوێ نییە، بەڵکو درێژکراوە و درێژەپێدەری (مەرسومی لێبوردەیی Edict of Toleration)یە، کە گالیروس دوای نەخۆشکەوتنی لە (٣٠ ئەپریل ٣١١ز)بە هاوپەیمانی لەگەڵ لیسینیۆس و کۆنستەنتین دەریانکرد، کە تێیدا داوای وەستاندنی چەوساندنەوەی دژی مەسیحیەکانی دەکرد و بڕیاری لێبوردنی بۆدەرکردن ( William: ١٩٣٧ , ٤١٥ )؛ zdemir: ٢٠٠٣,٣٦) . ئەوەی لەم مەرسومەدا بەرچاو دەکەوێت، هەمان مەبەست و ناوەرۆکیان لەگەڵ مەرسومی میلان هەیە، ئەویش بۆمەبەستی سیاسی و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە دەرکراوە، بەڵام ئەم مەرسومە نەچوە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە گالیروس لە مانگی مایۆی هەمان ساڵدا مرد[1] (عبدالحمید: د.س، ٧٣). هەرچۆنێك بێت لەکۆتاییدا مەرسومی میلان چووە بواری جێبەجێکردنەوە، دانانیش بەئاینی مەسیحی لەلایەن ئیمپراتۆریاوە خاڵێکی وەرچەرخانە لەمێژوی ئاینی مەسیحی و ئیمپراتۆریای ڕۆمانیدا، چونکە نزیکەی سێ سەدە بو لایەنگرانی ئاینەکە دەچەوسێنرانەوە و ڕێگرییان لێدەکرا، بەڵام لێرە بەدواوە قۆناغی سەرکەوتنی پەیڕەوکارانی ئاینەکەیە. هەر لەبەر ئەم گۆڕانکارییە، بەشێك لە توێژەران پێیانوایە مەرسومی میلانی ساڵی ٣١٣ز دەستپێکی سەدەکانی ناوەڕاستە (الکیلاني: ٢٠١١، ٤)؛ (الیوسف: ١٩٦٧، ٢٦)، سەرەڕای چەندین بیروڕای تر سەبارەت بە دیاریکردنی دەستپێکی ئەم قۆناغە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچونەداین مەرسومی میلان قۆناغێکی تازەی مێژوییە و خاڵێکی وەرچەرخانە و سەرەتای زەمینەی سەدەکانی ناوەڕاستە، چونکە ئەو ڕوداوە سیاسی و ئایینیانەی لەم قۆناغە بەدواوە ڕویانداوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کۆنستەنتین و بڕیارەکانییەوە هەیە، بەتایبەتی بڕیاری دانان بە ئاینی مەسیحی.

### ٢.٢ پاڵنەرەکانی دانپێدانانی ئاینی مەسیحی لەلایەن ئیمپراتۆرەوە

لێرەدا پرسیارێکی تر دێتەپێشەوە ئایا ئەو هۆکار و پاڵنەرانە چین وایان لە ئیمپراتۆر کۆنستەنتین کردوە دان بەئاینی مەسیحیدا بنێت؟ وەڵامدانەوەی ئەوپرسیارە کارێکی ئاسان نیە و بیری توێژەران و مێژونوسانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە و هەوڵیانداوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە و بەشێوەیەکی گشتی بەسەر دو بۆچوندا دابەشبون، بەشی یەکەم لەمێژونوسان کە دەتوانین بڵێین مێژونوسانی کڵێسا و لایەنگرانی ئاینەکەن وەك یۆسابیۆس و لاکتانتیۆس، نمونەی ئەوانن، کە پێیانوایە هۆکاری سەرەکیی دانان بەئاینی مەسیحی هۆکاری ئاینییە، کۆنستەنتین لەلایەن خوداوە ئاگادار کراوەتەوە بۆ ڕزگارکردنی مەسیحییەکان لەو ئازار و مەینەتییەی تێیدابون و خودا ڕێنوێنی کردوە Lactantius: ١٨٧١ ,٢٠٣-٢٠٧)؛ (القیصري: ١٩٧٩، ٥٠٧)، تەنانەت کۆنستەنتین بە سێزدەهەمین حەواری[2]عیسا دانراوە ( Theodorich: ١٨٩١ ,١١). بەشێوەیەکی گشتی لایەنگرانی ئەم بۆچونە، سەرەڕای ئەوەی دەڵێن لەلایەن خوداوە ئاگادار کراوەتەوە، چەند بەڵگەیەکی تر دەهێننەوە وەك پاڵنەرێك بۆ دانان بەئاینی مەسیحی لەلایەن کۆنستەنتینەوە،

پێیانوایە ئەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هێلینای دایکی و بەهۆی ئەوەوە دانی بەئایینەکەدا ناوە ( Hobbs: ٢٠١٤, ٢)، چونکە دایکی لە شاری ڕوها [3] پێگەیشتووە و شارەزای ئایینی مەسیحی بوە (أوروسيوس: ١٩٨٢، ٤٥٧)، بەشێکی تریان پێیانوایە هەر لەمنداڵییەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی کۆنستەنتیۆسی باوکی و جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە، هۆکاری ئەو نەرمینواندنەی کۆنستەنتیۆس بەرامبەر بە مەسیحییەکان و نەچەوساندنەوەیان بۆ هۆکاری باوەڕبونی بە ئایینی مەسیحی دەگەڕێننەوە( Laughlin: ٢٠٠٧, ١١)، تەنانەت ناوی یەکێك لەکچەکانیشی ناوە(ئەناستاسیا [4](Anastasia، کەناوێکی تایبەتە بە مەسیحییەکان یان بەزۆری مەسیحییەکان ئەو ناوەیان لە منداڵەکانیان ناوە، بۆیە پێیانوایە هەڵبژاردنی ناوێکی لەمجۆرە ناکرێت هەرلە خۆوەبێت، بەڵکو پلانبۆدارێژراو بوە و مانای ئەوەیە باوەڕی بەئایینەکە هەبوە ( Laughlin: ٢٠٠٧, ٤)، چونکە یۆسابیۆس بەبێ دودڵی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کۆنستەنتیۆس باوەڕی بە ئایینی مەسیحی هەبوە و پەیڕەوی ئایینەکەی کردوە (القيصري: ١٩٧٩، ٥٠٧). لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی تر لە مێژونوسان، بەتایبەتی لێکۆڵەرانی نوێ پێیانوایە کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی وای لە کۆنستەنتین کردوە دان بەئایینی مەسیحیدا بنێت، سەرەڕای ئەو هۆکارانەی لەقۆناغی سەدەی سێیەم باسمان لێوەکردن، کە بونەتە هۆی بڵاوبونەوەی ئایینی مەسیحی لە سنوری ئیمپراتۆریای ڕۆمانی و کاریگەرییان هەبوە. کۆمەڵێك هۆکاری تر هەن کە تایبەتن بە تێڕوانینی کۆنستەنتین و سیاسەتی ئایینی ئەو بەرامبەر بە ئایینی مەسیحی و ئایینی کۆنی ڕۆمانی، پێیان وایە کۆنستەنتین باش لەوە گەیشتووە و خوێندنەوەی بۆ داهاتوی ئایینی مەسیحی لەناو ئیمپراتۆریادا ئەوەبوە، کە دەبێتە ئایینی زۆرینەی خەڵك و شوێنی بیروباوەڕی ئایینی کۆنی ڕۆمانی دەگرێتەوە، چونکە ئایینی کۆنی ڕۆمانی ئەو پلەوپایەی جارانی نەمابو، بۆشاییەکی گەورەی ڕۆحی لەناخی پەیڕەوکارانی ئایینەکە و تاکەکانی کۆمەڵگە دروستبوبو، نەیدەتوانی وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم خۆی بگونجێنێت و بۆشاییە ڕۆحییەکانیان پڕبکاتەوە، بۆیە کۆنستەنتین دانی بەم ئایینە داناوە (هلستر: ١٩٨٨، ٣٠-٣٣). دەتوانین بڵێین سیاسەتی ئایینی کۆنستەنتین سیاسەتێکی پێویستی ئەو قۆناغە بوە، هەوڵیداوە سود لە ئایینی مەسیحی و ڕێکخستنی کڵێسا وەربگرێت بۆ دوبارە یەکخستنەوەی کۆمەڵگای ئیمپراتۆریای ڕۆمانی، چونکە لە کارەکانی کۆنستەنتین بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرێت ئامانجی ئیمپراتۆریایەکی یەکگرتو و بەناوەندیکردنی دەسەڵاتە، هەستیشی بەوە کردووە بەرپەرچدانەوە و توندوتیژیی ئاینی هیچی لێ بەرهەم نایەت، چونکە ماوەی سێ سەدە بو پەیڕەوکارانی ئایینی مەسیحی دەچەوسێنرانەوە، کەچی ژمارەی پەیڕەوکارانی هەر لەزیادبون بو وهەمو چینەکانی کۆمەڵگاشی گرتبۆوە. ئەمەش پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئایینەکەوە هەبو لەم قۆناغەدا، چونکە بانگەوازی مەسیحی بریتی بو لە ئاشتی و خۆشەویستی و داواکردنی یەکسانی (فرح: ٢٠١٢، ٤٣-٤٤) و دەستیان لەکاروباری سیاسی وەرنەدەدا، وتەیەکی عیسایان دوبارە دەکردەوە (ئەوەی هی قەیسەرە با بۆ قەیسەر بێت و ئەوەی هی خودایە بابۆ خودا بێت) (مرقس،١٢، ١٧). یەکێك لەو توێژەرانەی زۆر بەتوندی جەخت لەسەر بەکارهێنانی ئایین دەکاتەوە بۆ بەرژەوەندیی سیاسی لەلایەن کۆنستەنتینەوە، پێیوایە ئەو سەرکردەیەکی زیرەکی دەوڵەت بوە و حەزو ئارەزویەکی زۆری بۆ دەسەڵات و هێز هەبوە و هاوشێوەی مەکیاڤێلییە، بەهۆی ئەوەوە لەسۆزی ئایینی خۆی لایداوە و بەسەریدا زاڵبوە، هەمو شتێکی کردۆتە قوربانی بۆگەیشتن بە ئامانجە دونیاییەکانی، لەبەر ئەوە دانانی بەئایینی مەسیحی بۆ ئەوە بوە سود لە ئایینەکە وەربگرێت و بۆ بەرژەوەندیی سیاسی خۆی بەکاری بهێنێت، تاکو بگات بە دەسەڵاتێکی جێگیر و هێزێکی جیهانی، ئەگینا کۆنستەنتین گومانی لە ئایینی فرەپەرستی و ئایینی مەسیحیش هەبوە ( Burckhardt: ١٩٨٣, ٢٤٦-٢٤٩). لە هەمانکاتدا دەکرێت هۆکاری دانان بەئایینی مەسیحی لەلایەن کۆنستەنتینەوە بۆ هۆکاری سیاسەتی ئابوری بگەڕێتەوە، چونکە ئیمپراتۆریای ڕۆمانی لەکۆتاییەکانی سەدەی سێیەمەوە بەهۆی هێرشی هۆزە جێرمانەکان لە ڕۆژئاوا و ساسانییەکان لەرۆژهەڵات توشی کێشەی ئابوری بوبۆوە، بۆیە لەم قۆناغەوە زۆرتر گرنگی بە ڕۆژهەڵات داوە . چونکە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات وەکو ئاسیای بچوك و شام و میسر، زۆرترین سەرچاوەی داهاتی ئیمپراتۆریایەکەیان دابین دەکرد (فرح: ٢٠١٢، ٥٤)، لە هەمانکاتدا زۆرینەی هەڵگرانی بیری ئایینی مەسیحی لە ڕۆژهەڵات بون (عمران: ١٩٨٦، ٤٢)، بۆیە کۆنستەنتین پێویستی بەوە هەبو لایەنگری و پاڵپشتیی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات بەدەستبهێنێت، بە دانان بەو ئایینەش کە پەیڕەوی لێدەکەن، دڵسۆزیی خۆی پیشاندان، لەهەمان کاتدا دەکرێت ترسی لەوە هەبوبێت زیاتر ئازاردان و چەوساندنەوەی مەسیحییەکان کە زۆرتر لەڕوی جوگرافییەوە لە دەوڵەتی ساسانییەوە نزیکبون، بدەنە پاڵ ساسانییەکان و دژی ئیمپراتۆریا بوەستنەوە. بەشێکی تر هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کۆنستەنتین ئامانجی ئەوە بوە خەڵك بەبێ جیاوازیی ئایینی، سەربازی بکەن و هەمویان لە پشتیەوە بوەستن و پاڵپشتیی بکەن، خۆشی ببێتە ناوەندێك بۆ ئەو هێزە ( Eadie: ١٩٧١, ٣٥ )، هەرچۆنێك بێت و بەهەر ئامانجێك بوبێت لەکۆتاییدا کۆنستەنتین دانی نا بەئایینەکە، وەك یەکێك لەئایینەکان و خستییە ژێر پارێزگاریی ئیمپراتۆریاوە، سودمەندی یەکەمیش لەم مەرسومە پەیڕەوکارانی ئایینی مەسیحی بون، توانیان ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان. لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە، کە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەرە لەلایەن نوسەرانەوە و بەشێکیان وەڵامێکی یەکلاکەرەوەیان بەدەستەوە نەداوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا کۆنستەنتین لەناخەوە باوەڕی بەئایینی مەسیحی هێناوە؟ وەك تاکێکی مەسیحی پەیڕەوی لە ئایینەکە کردوە؟ یاخود باوەڕی بەئایینی مەسیحی نەبوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ناتوانین بەتەنها پشت بە یەك بەڵگە یاخود ئاماژەی نوسەرێك ببەستین، چونکە مێژونوسان بەسەر دو بەش دابەشبون، هەریەکەشیان چەند بەڵگەیەکی سەبارەت بە مەسیحیبون و نەبونی هەیە، ئەم بەڵگانەش بریتین لە گوتار و کردارەکانی کۆنستەنتین لەماوەی فەرمانڕەواییەتیدا.

لایەنگران و مێژونوسانی کڵێسا گومانیان نییە کە کۆنستەنتین لەناخەوە باوەڕی بەئایینی مەسیحی هێناوە، گەورەترین بەڵگەشیان بریتییە لەو پەرجوەی کە گوایە کۆنستەنتین هێمای خاچی لەئاسماندا بینیوە و لەژێری نوسراوە (بەهۆی ئەمەوە سەردەکەویت)، بەرلە شەڕی پردی میلڤیان لەساڵی ٣١٢ز، بەهۆی ئەوەوە باوەڕی بە ئایینی مەسیحی هێناوە (Lactantius: ١٨٧١, ٢٠٣ ;) (Socrates: ١٨٨٦, ٢٩٣-٢٩٤)، هەرچەندە مێژونوسان لاکتانتیۆس و یۆسابیۆسی قەیسەری بۆچونی جیاوازیان لەگێڕانەوەی ئەو ڕوداوەدا هەیە، کە هاوسەردەمی ئەو ڕوداوەن، چونکە یۆسابیۆس دەڵێت: کۆنستەنتین لە ئاسماندا لەژێر تیشکی خۆردا هێمای خاچی بینیوە و لەژێری نوسراوە بەهۆی ئەمەوە سەردەکەویت ( Pamphilus: N. D, ٢٧-٢٨)، گێڕانەوەکان بە هەرشێوەیەك بێت لێرەدا گرنگە بزانین هۆکاری پشت دروستکردنی ئەم پەرجووە چییە؟ توێژەرێك هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کەبەهۆی ئەوەی زۆرینەی سوپاکەی کۆنستەنتین مەسیحی بون، بۆ ئەوەی بوە لە ڕوی دەرونییەوە ورەیان بەرزبکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش ویستویەتی پاڵپشتی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp49-58

مەسیحییەکانی ڕۆماش بەدەستبهێنێت لەکاتی هێرشکرنیدا بۆ سەر شاری ڕۆما (فرح: ٢٠١٢، ٤٦)، چونکە ماکسینتۆس زۆر بەتوندی دژی مەسیحییەکان وەستابۆوە و دەیچەوساندنەوە (القیصري: ١٩٧٩، ٤١٧)، هەرچەندە توێژەرێك کۆنستەنتین بەوەتۆمەتبار دەکات شارەزایی لەبواری ئاییندا نەبوە و لەو لایەنەدا بیری شێواو بوە (کانتور: ٢٠٠٩، ٦٤)، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو شارەزاییی لەبواری ئاییندا هەبوە، بەتایبەتی لە ئایینی مەسیحی، بەڵگەشیان بۆ ئەو شارەزاییەی ئەو دروستکردنی ئەو پەرجوویە، چونکە دەبێت شارەزایی هەبوبێت لەو ئایینە و چۆنیەتی سەرنجڕاکێشانی پەیڕەوکارانی، بە شێوازێك کە خۆی بە پیرۆز پیشانبدات و هەم جێگای باوەڕی لایەنگرانیشی بێت، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی پەرجووەوە[5]، چونکە ئەگەر سەیربکەین پەرجو لەناو ئایینی مەسیحیدا بابەتێکی سەرەکییە، هەر لە شێوازی لەدایکبونی عیسا و کاروکردارەکانی ڕۆژانەی و لەخاچدانی و گەڕانەوەی بۆئاسمان. هەر لەبەر ئەمانە (Jones) پێیوایە کۆنستەنتین هێمای خاچی لە مانایەکی مەعنەویەوە بۆ خاچی ماددی بەرجەستەکراو گۆڕی (١٩٧٢ ,٩٩)، واتە خاچی مەسیحی لە مانای ئایینییەوە بۆ سیاسی گۆڕی، کاتێك داوای لەسەربازەکانی کرد ئەو هێمایە لەسەر زرێکانیان بکێشن[6](ڕزق: ٢٠١٤، ١٥).

بەڵگەیەکی تری نوسەرانی مەسیحی سەبارەت بە مەسیحیبونی ئەوەیە، کە کۆنستەنتین بەر لە دەستپێکی شەڕی پردی میلڤیان نوێژی کردوە و لەخودای مەسیح پاڕاوەتەوە (مؤلف~مجهول: ٢٠٠٨، ١٩)، یۆسابیۆس ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کۆنستەنتین کاتێك چووەتە ڕۆما لەبەردەم ئەنجومەنی سیناتدا دانی بەوەداناوە ئەم سەرکەوتنەی بەهۆی مەسیحەوە بوە (Pamphilus: , N.D, ٣٦ )، بەڵام بورکهارت، یۆسابیۆس بەوە تۆمەتبار دەکات بانگەشەی ناڕاستی کردوە و نەیتوانیوە یەك بەڵگەی باوەڕپێکراو بدات بەدەستەوە، کە کۆنستەنتین ئەوەندە پەیوەست بوبێت بەئایینی مەسیحی تارادەی باوەڕ پێهێنان (کانتور: ٢٠٠٩، ٦٤). یەکێکیتر لەکارەکانی کۆنستەنتین، کە بەڵگەیە بۆ لایەنگرانی ئایینەکە، مەڕسومی میلانە، ئەوە ڕاستە مەرسومەکە تایبەت نییە بە ئایینی مەسیحی، بەڵام لە چەند خاڵێکدا بەڕونی هاوسۆزیی کۆنستەنتین بەرامبەر لایەنگرانی ئایینی مەسیحی دەبینرێت، چونکە لەناو مەرسومەکەدا ئاماژە بۆئەوە کراوە مەسیحییەکان لە چەوساندنەوە دەپارێزرێن، سەرجەم کڵێسا و پەرستگا تێکدراوەکانیان لە خاکی ئیمپراتۆریای ڕۆمانیدا بۆ نۆژەندەکرێتەوە و لەسەر خەزێنەی ئیمپراتۆریا قەرەبو دەکرێنەوە (Lactantius: ١٨٧١ ,٢٠٧).

پاش ئەم مەڕسومەش کۆنستەنتین چەند ماف و جیاوکێکی تری بە پیاوانی ئایینی مەسیحی بەخشی کە جێگای سەرنجە، وەك ئەوەی پیاوانی ئایینی مەسیحی هەمان مافی پیاوانی ئایینی کۆنی ڕۆمانییان هەیە، وەك بەخشینیان لە باج و پێدانی کاری مەدەنی (توفیق: ١٩٦٧، ٣٢)؛ (المغربي: ٢٠٠٤، ٨٠-٨١)، یەکێکیتر لەو کارانەی نوسەرە سەرەتاییەکانی مەسیحی بەگرنگی باسی لێوەدەکەن، وەك بەڵگەیەکی بەهێزی دادەنێن لەبارەی باوەڕهێنانی کۆنستەنتین بەئایینی مەسیحی، ئەویش هەوڵەکانیەتی بۆ دۆزینەوەی خاچی پیرۆز(ئەوخاچەی عیسای پێ لەسێدارە درا)، مێژونوسان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کۆنستەنتین لەساڵی ٣٢٥ز[7] داوای لە(مەکاریۆس Macarius )ی ئەسقوف[8]ی ئۆرشەلیم کردووە بەدوای خاچی پیرۆز و شوێنی لەخاچدانی عیسادا بگەڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش هێلینای دایکی ناردوە و سەرپەرشتی ئەم کارەی پێسپاردوە ( Sozomen: W.D, ٦٦)؛ ( Socrates: ١٨٨٦,٩٠٨)؛ ( Theodoret: ١٩٥٤ ,٩٠٨)، لەم کارەشدا سەرکەوتو بو، پاش ئەوەی توانی ئەو خاچ و بزمارانەی عیسای پێ لە سێدارە دراوە بیدۆزێتەوە و بیباتەوە بۆ کۆنستەنتینناپۆل، بۆیە مەسیحییەکان بە(هێلینای پیرۆز) ناوی دەبەن ( Theodorich: ١٨٩١ ,١٧). گرنگیی ئەو بابەتەش لێرەدا دەردەکەوێت، کاتێك هێلینا خاچی پیرۆزی بۆ شارەکە بردوە، کۆنستەنتین لەپێشوازیدا بوە و کڕنۆشی بۆ بردوە، دو بزماری خاچی پیرۆزی لە تاجەکەی داوە، پاشان تاجەکەی لەسەرناوە بۆئەوەی پیرۆزبێت[9] (مؤلف~مجهول: ٢٠٠٨, ٤٤). دروستکردنی شاری ڕۆمای نوێ و کردنی بە پایتەختی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی، هۆکارێکە بۆ مەسیحییەکان کە بڵێن ئەم شارە بۆ مەسیحییەکان دروستکراوە، بۆیە توێژەرێك پێیوایە شێوازی دروستکردنی ئەم شارە تایبەتمەندیی مەسیحییەکانی پێوەدیارە و ئامانج لێیی دروستکردنی قەڵایەك بوە بۆ پارێزگاریکردن لە مەسیحییەکان و بە دورگرتنیان لە دەستی پەیڕەوکارانی فرەخواوەندی، چونکە شاری ڕۆما بنکەی سەرەکی باوەڕدارانی فرەخواوەندی بوە (بینز: ١٩٥٠، ٨). چەند مێژونوسێکی مەسیحی نەك هەر پێیانوایە کۆنستەنتین بەرگری لێکردون، بەڵکو جەخت لەوە دەکەنەوە کۆنستەنتین دوای تەواوبونی پایتەختی نوێ لە ساڵی ٣٣٠ز دا، پەرستنی خواوەندانی کۆنی ڕۆمانی قەدەغەکردوە (أوروسیوس: ١٩٨٢، ٤٥٩)، بڕیاری چەوساندنەوەی پەیڕەوانی ئایینەکەی داوە و ڕێگەی بەمەسیحییەکانداوە پەرستگا و شوێنە پیرۆزەکانی ئەوان بەکاربهێنن (مؤلف~مجهول: ٢٠٠٨، ٢٠). بەڵام پێیانوایە ئەم زانیارییانە ناڕاستن، چونکە ئامانجی کۆنستەنتین بریتی بوە لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و نەهێشتنی نا ئارامی لە ئیمپراتۆریادا، نەك دروستکردنی دوبەرەکیی ئایینی، ئەمە لەکاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانی ئیمپراتۆریا لەسەر بیرو باوەڕی ئایینی کۆنی ڕۆمانی بون، بەڵگەشیان ئەوەیە زۆربەی ژێدەرەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن، لەو قۆناغەدا پەیڕەوکارانی ئایینی مەسیحی نزیکەی ١٠% دانیشتوانی ئیمپراتۆریایان پێکهێناوە (بینز: ١٩٥٠،١٠)؛ ( Laughlin: ٢٠٠٧ ,٤).

لەبەرامبەریشدا توێژەرانی تر چەندین بەڵگە دەهێننەوە، کە کۆنستەنتین تا ئەو کاتە باوەڕی بە ئایینی کۆنی ڕۆمانی هەبوە، ئەوە ڕەتدەکەنەوە کۆنستەنتین ئایینی کۆنی ڕۆمانیی قەدەغە کردبێت، چونکە لە شاری ڕۆمای نوێ پەیکەری خوداوەند(ئاپۆلۆ/ Apollo)[10] و پەرستگای تایبەت بە ئایینی کۆنی ڕۆمانی دروستکردوە (الشامي: ٢٠٠٢، ١١)، کۆنستەنتین لە بۆنەی ڕۆژی جەژنی ساڵانەی شارەکە لە هیپۆدرۆم هێمای خوداوەندی (Tyche)ی چارەنوس پاسەوانی گیانی هەڵگرتووە ( Hobbs: ٢٠١٤ ,٧٣)، ئەمە لە لایەك، لە لایەکیتر کاتێك کۆنستەنتین بەسەر ماکسینتۆسدا لەشەڕی پردی میلڤیان سەرکەوت و چووە ناو شاری ڕۆما، بڕیاری دروستکردنی تاقێکی بەرزیدا لە شوێنێکی گرینگی شارەکە، کە بە(تاقی سەرکەوتنی کۆنستەنتین) ناسراوە، بۆئەوەی ببێتە بەڵگەیەك بۆ سەرکەوتنی بەسەر ماکسینتۆسدا، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لە دروستکردنی ئەم تاقەدا ئەوەیە، لەسێ شوێنی جیاوازدا هێمای خواوەندی ڕۆژی نەبەزێنراو دەبینرێت، ئەوەی جێگای تێبینیشە نە بە نوسین و نە بە هێما ئاماژە بەئایینی مەسیحی نەکراوە ( Odhal: ٢٠٠٥, ١٢٥-١٢٦)، لە کاتێکدا مێژونوسانی کڵێسا هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنی کۆنستەنتین لەو شەڕەدا بۆ پاڵپشتی خودای ئایینی مەسیحی دەگەڕێننەوە، بۆیە ئەمە دەکرێت بەڵگەیەك بێت تا ئەوکاتە کۆنستەنتین لە گرنگیدان بە ئایینی کۆنی ڕۆمانی بەردەوام بوە و ویستویەتی باڵانسی ئایینی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ڕابگرێت، لەبەرئەوەی شوێنی دروستکردنی تاقەکە شاری ڕۆمایە، واتە شاری پەیڕەوکارانی ئایینی کۆنی ڕۆمانییە، بۆیە لەسەر تاقەکە هێمای خواوەندێکی تایبەت بە ئەوانی کێشاوە. شوێنەوارو دراوی سەردەمی

هەر ئیمپراتۆرێك دەبێتە هۆكارێك بۆخوێندنەوە و تێگەیشتن لەبیری ئەو ئیمپراتۆرە، چونكە لەم قۆناغەدا و لە پێشتریش هێما و وێنەی خوداوەندان لەسەر دراوەكان دەنەخشێنران، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی كۆنستەنتین چەند دراوێكی جۆراوجۆر هەبوە، بۆیە ئەمە وای كردوە بیری ئایینی ئەو بە ئاسانی نەخوێندرێتەوە، دەبینین لەڕووی پێشەوەی دراوی یەكەم وێنەی كۆنستەنتین و لە رووەكەیتری وێنەی خواوەندی رۆژی نەبەزێنراو دەبینرێت :Odhal)٢٠٠٥, ٨٧(، لە دراوی دووەمدا بەهەمان شێوە رویێكی وێنەی كۆنستەنتینە، رووەكەی تری بریتییە لە تاجێك كە هێمای مەسیحی لەسەرە، كە بە (لاباروم/Labarum) ناسراوە ( Clark: ٢٠٠٩ , ١٣)، چونكە دوای سەركەوتنی بەسەر ماكسینتۆس دروشمێكی نوێی بۆسەر تاجی سەری ئیمپراتۆر دەستنیشانكرد، دروشمی(X و R)ی لەسەربو، ئەویش كورتكراوەی (Christos)ە، كە بە زمانی گریكی بە مانای مەسیح دێت (رزق: ١٥،٢٠١٤)، لەڕووی پێشەوەی دراوی سێیەم وێنەی كۆنستەنتین كێشراوە، سەری بەرزكردۆتەوە لە ئاسمان دەڕوانێت و خوداوەند(ڤیكتۆریا Victoria)(خوداوەندی سەركەوتن لای رۆمانەكان) تاج دەكاتە سەری، لەم رووەیدا تایبەتمەندیی كۆنی رۆمانیی پێوەدیارە، بەڵام لە دیوەكەی تری بەتەنها وێنەی كۆنستەنتین هەیە، كڵاوێكی سەربازیی لەسەرە هێمای مەسیحی لەسەر كێشراوە (كانتور: ٢٠٠٩، ٦٣-٦٤)، لە خوێندنەوەی دراوەكانەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كۆنستەنتین هەوڵی داوە وردە وردە پشت لە ئایینی كۆنی رۆمانی بكات و نەیویستوە بەخێرایی ڕەتی بكاتەوە و ململانێی ئایینی دروستبكات، بەكارهێنانی دراویش فێڵێكی سیاسی بوە، چونكە دراو وەكو پەیام و وتارێكی ناڕاستەوخۆ وایە، بە ناو هەمو چین و توێژەكانی كۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە و دەگاتە لای هەمو كەسێك. بۆیە لەكۆتاییدا دەشێت بڵێین، ڕاستە ئەو بابەتەی وروژێندراوە بابەتێكی تاكەكەسییە و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەكۆنستەنتینەوە هەیە، بەڵام كار و كردارەكانی كۆنستەنتین بریتین لەدەستپێكی گۆڕانكاریی ئایینیی ئەم قۆناغە، ئەمە جگە لەوەی لەڕێگەی تێگەیشتن لە بیروباوەڕی ئەو هۆكاری دانان بە ئایینەكەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی كۆنستەنتین سیاسیەكی زۆر شارەزابوە، لە كاتی گەڕان بە دوای هۆكاری دانان و باوەڕهێنانی یان باوەڕنەهێنانی بە ئایینی مەسیحی دەمانخەڵەتێنێت، چونكە چەند كارێكی جیاوازی لەیەك كاتدا ئەنجامداوە، لە بەشێكیان وەك پیاوێكی ئایینی مەسیحی ڕەفتار دەكات، لە بەشێكی تریشیان وەك فرەپەرستێك. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی كۆنستەنتین خۆی یەكلا نەكردۆتەوە یاخود باوەڕی بە هیچ یەكێكیان نەبوە، بەڵكو هەوڵیداوە ئایین لە پێناوی بەرژەوەندییە سیاسییەكانیدا بەكاربهێنێت و بەشێوەیەكی ئاشتییانەش هاوسەنگی لەنێوان ئایینی كۆنی رۆمانی و ئایینی مەسیحیدا دروستبكات. شیاوی گوتنە ڕەفتاركردن و ئەنجامدانی ئەم كارانە بەمشێوازە، بریتییە لە ئامادەكردنی كۆمەڵگە بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەو گۆڕانكارییە گەورەیەی كە بەڕێوەبووە، چونكە كۆنستەنتین نەیدەتوانی بە یەكجارو ڕاستەوخۆ ئایینێك ڕەتبكاتەوە و ئەویتر بسەپێنێت. لەبەرئەمە پێدەچێت سەردەمی كۆنستەنتین قۆناغی ماڵئاواییی فرەپەرستی و سەردەمی گەشانەوە و سەركەوتنی ئایینی مەسیحی بوبێت. بۆیە نۆرمان بینز پێیوایە كۆنستەنتین توانی لە حكومەتی فرەخواوەندیدا ڕەگی كڵێسای مەسیحی بچێنێت و ببێتە هێمای بەیەكەوەگرێدانی كلتوری رۆمانی و ئایینی مەسیحی (بینز: ١٩٥٠، ١٥).

## ٣. سەرەتای لێكترازانی ئایینی

### ١.٣ دەركەوتنی ڕاڤەكردنی جیاواز

پاش ئەوەی ئیمپراتۆر كۆنستەنتین بە پێی مەرسومی میلان دانی بەئایینی مەسیحیدانا وەك یەكێك لە ئایینەكانی ئیمپراتۆریا و چەوساندنەوەی مەسیحییەكانی قەدەغەكرد، بڕیار و كارەكانی لە بەرژەوەندیی ئایینی مەسیحی و باوەڕدارانیدا بو، بەمە بەتایبەتیش تا دەهات ژمارەی كڵێسا و پەیڕەوكارانی ئایینەكە زیاد دەبو، بەڵام یەكڕیزییان هێندەی نەخایەند توشی لێكترازانی ئایینی بونەوە، بەهۆی سەرهەڵدانی چەند بزوتنەوەیەكی ئایینی، كە ژمارەیەك ئایینزا دروستبون پێیان دەگوترا هەڵگەڕاوە یان لادەر (حامد: ٢٠١٤، ١٨٨). گەورەترین و كاریگەرترین ڕاڤەكردنی كە لە سەدەی چوارەمدا سەریهەڵدا، تێڕوانینەكانی (ئاریۆسی Arianism) بو، ئەوەی پێشەوایەتی ئەم ڕاڤەكردنەی دەكرد پیاوێكی ئایینی بو بەناوی (Ariusئاریۆس)[11]، سەر بە كڵێسای ئەسكەندەریە بو ( Theodoret: W.D, ٤٠؛ (رستم: ٢٠٠٥، ٢٣)، كە گەورەترین بزوتنەوەی ئەم قۆناغەیە، چونكە بیروڕاكانی ئەم بزوتنەوەیە هەر بە تەنها لە چوارچێوەی كڵێسای ئەسكەندەریە نەمایەوە، بەڵكو بە هەمو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بڵاوبویەوە و بوە هۆی دروستبونی ناكۆكی و ململانێ لە نێوان كڵێساكانی ڕۆژهەڵاتدا (فرج: ١٩٨٥، ٢٠)، هۆكاری سەرەكیی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوە و ڕێبازە ئایینییە جیاوازانەش لە ئەنجامی جیاوازیی بیروڕابو، كە لە گفتوگۆ و كۆڕە ئایینییەكاندا دروست دەبون، ئەمەش هەمو زانا و شارەزایانی لاهوتی بەخۆیەوە سەرقاڵكردبو، بابەتی سەرەكیی گفتوگۆكانیشیان لەسەر(عیسا ناسیChristology) سروشتی مەسیح و سیانەی پیرۆز[12] :Bright)١٨٦٠, ١٧-١٨(. واتە ناكۆكییەكە لەسەر دیاریكردنی پێگەی كوڕ(مەسیح)بو بەرامبەر بە باوك(خودا)، لە چوارچێوەی سیانەی پیرۆزدا. ئاریۆس باوەڕی وابو كوڕ تەنها دروستكراوێكە، نەك دروستكەر، لە كرۆكیشدا هاوتای باوك نییە، وشەكانیشی گوزارشت لە سروشتی باوك ناكەن، ئەو یەكێكە لە دروستكراوەكان و سروشتی ئەو وەك هەمو دروستكراوەكانی تر شیاوی گۆڕانكارییە و وتەكانی دورن لە كرۆكی باوك، باوك خودایەكی هەق و ڕەوایە، كوڕ هیچ ڕەوایەتیەكی هاوشێوەی ئەوی نییە، ئەمەش دەریدەخات كوڕ دروستكراوێكە و پێگەی كەمترە لە پێگەی باوك (أنطوان: ١٩٩٧،١٢٤-١٢٦). هۆكارێكی تری سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە جیاوازانە پەیوەندیی بە نارونی و یەكلانەبونەوەی سروشتی مەسیح هەبو لەلایەك، لە لایەكیتر پەیوەندیی بە شاری ئەسكەندەریەوە هەبو ،چونكە ئەم شارە ماوەیەكی زۆربو مەڵبەندی هزر و زانست بو لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، هەربۆیە چەندین گەورە زانای بواری لاهوت لەم شارەدا دەركەوتون[13]و بەردەوام لەسەر ئەو بابەتانە لە گفتوگۆدابون (فرج: ١٩٨٥،٢١)، توێژەرێكی تر هۆكاری دروستبونیان بۆ قۆناغی چەوساندنەوەی مەسیحییەكان دەگەڕێننەوە، بەتایبەتی بۆ سەردەمی ئیمپراتۆر دیوكلیتیانوس، كە مەسیحییەكان لە بارەی شێوازی پەیڕەوكردنیان لە ئایینەكە بوبون بە دو بەشەوە، یەكەمیان باوەڕیان وابو بەهۆی ئەوەی دەچەوسێنرێنەوە، پێویستە بە نهێنی پەیڕەوی لەئایینەكەیان بكەن، بەڵام بەشەكەی تریان بەپێچەوانەوە دەیگوت پێویستە بەئاشكرا پەیڕەوی لە ئایینەكە بكەین (فرج: ١٩٨٥، ٢٠-٢١)، دو شێواز لە پەیڕەوكردنی ئایینەكە لە قۆناغی دواتردا بوە هۆی ئەوەی جیاوازیی گەورە لە نێوانیاندا دروستببێت.

سەبارەت بەدەركەوتنی بیروباوەڕی ئاریۆسی، بۆچونێك هەیە، پێیوایە ئایینزای ئاریۆسی لە ئەنجامی گەشەسەندنی ئایینزای(غنوسی[14] Gnosticism) دروستبوە، چونكە ئەمانە پێیانوابو مەسیح لە شێوەی گیان دەركەوتووە نەك جەستە، بەڵگەشیان ئەوەبو لە كاتی لە خاچدانیدا كەسێكی تر لە خاچ دراوە، نەك عیسا

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp49-58

( :Miller ۲۰۱۳ch ,۲۳/۱۰)، ئەوانیش لە ناوخۆیان بون بە دوبەش، بەشی یەکەم پێیوایە کوڕ لە ناوەڕۆکدا هاوتای باوکە، بەشی دوەم کە پێیانوایە ئاریۆسی لەوەوە گەشەی سەندوە، کوڕ بە هاوتای باوك دانانێن (حامد: ۲۰۱٤، ۱۹۳).

دەربارەی وەرگرتنی بۆچونی نا هاوتایی نێوان باوك و کوڕ لە ناوەرۆکدا لەلایەن ئاریۆسەوە سێ ڕای جیاواز هەیە، بەشێك لەمێژونوسان وایدەبینن ئاریۆس کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بیروڕاکانی (ئۆریگن)ی گەورە زانای بواری لاهوتی مەسیحی، چونکە دەیگوت "کوڕ و گیانی پیرۆز تەنها دروستکراوێکن، پەیوەندیی کوڕ بە باوکەوە وەکو پەیوەندیی نێوان ئێمە و کوڕ وایە" ( :Socrates ۱۸۸٦ ,۱۰۱)، بەشێکی تریان ئاماژە بۆئەوە دەکەن، ئاریۆس زۆر پشتی بە ڕێنماییەکانی (لوسیانوس/ Lucianus)[15]ی ئەنتاکی مامۆستای بەستووە، چونکە بەر لە ئاریۆس ئەو بابەتەی وروژاندوە ( :Downey ۱۹٦۱ ,٤۲٤)، بۆچونی سێیەمیان پێیوایە ئەم بیرۆکەیەی لەبیرمەندێکی مەسیحی بەناوی(سابلیانسی لیبی Saballians ) وەرگرتووە، چونکە گوتویەتی "مەسیح(کوڕ) و خودا(باوك)، هاوتای یەکتر نیین" (تشینسکی: ۲۰۰۷، ٦۷/۱)، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت بەر لە ئاریۆس کەسانێکي تر هەبون ئەو بابەتەیان باسکردوە، بەڵام هێندەی ئاریۆس کاریگەرییان نەبوە و ئەو بیرۆکەیان بڵاونەکردۆتەوە، چونکە ئەو لە ڕێگەی نامەوە هەوڵیدا پیاوانی ئایینی ئاگاداربکاتەوە و بیروبۆچونەکانی خۆیان بۆ شیبکاتەوە.ئەم چالاکی و بۆچونانەی ئاریۆس بێ وەڵام نەمایەوە، بەڵکو هەر زو قەشە (ئەثناسیۆس/ Athnasius)[16] لە کڵێسای ئەسکەندەریە دژایەتی خۆی بۆ ئەم بیروبۆچونەی ئاریۆس ڕاگەیاند و وەڵامی دایەوە، چونکە ئەو باوەڕی بە بنەمای یەکسانی لە (ناوەرۆك/ Homoousios )دا هەبو لەنێوان باوك و کوڕدا (ویتلر: ۲۰۱۰، ۸۲)، ئەسکەندەری ئەسقوفی ئەسکەندەریەش زۆر بە توندی دژی ئاریۆس وەستایەوە و بە هەڵگەڕاوەی لە قەڵەمدا و لەساڵی ۳۲۱ز لە کڵێسای ئەسکەندەریە دورخرایەوە (اسطفیان: ۲۰۱۱، ۱۹-۲۰)؛ (المنصوري: ۲۰۱۱، ۲۷).

ئەم کێشەیەی لە نێوان ئاریۆس و ئەثناسیۆسدا دروستبو، هەر بەتەنها لە کڵێسای ئەسکەندەریە نەمایەوە، بەڵکو تەواوی ڕۆژهەڵاتی ئیمپڕاتۆریای گرتەوە و بوە کێشەیەکی گەورە، بەهۆی ئەوەی ئیمپراتۆر کۆنستەنتینیش زۆر گرنگیی بە یەکپارچەیی ئیمپڕاتۆریا دەدا، پێیوابو ڕودانی هەر جیابونەوە و مشتومڕێك لە نێوان مەسیحییەکاندا دەبێتە هۆی لێکترازان و مەترسی بۆسەر خاکی ئیمپڕاتۆریا، بۆیە زۆر گرنگیی بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدا کە لەناوکڵێسادا ڕویان دەدا، سەرەتا کۆنستەنتین هەوڵیدا لە ڕێگەی ناردنی(هۆسیۆس/Hosius)[17] ەوە کێشەکە چارەسەربکات (البرموسي: ۱۸۹۷ ۷۵)، کە نامەیەکی پێدا ناردبو، داوای لێکردبون ئەم گفتوگۆیەی نێوانیان گەیشتۆتە ئاستی گفتوگۆی شەیتانی و زیان بە ئاشتیی نێوانیان دەگەیەنێت و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە، بەڵام هەوڵەکانی بێسودبون و سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا ( :Theophones ۱۹۹۷ ,۳۰)، ئەمەش بوە هۆی بێهیوابونی، چونکە بینی مەسیحییەکان لە سەر کرۆکی باوەڕیان ناکۆکن، مشتومڕیش لە سەر سروشتی مەسیح لەچوارچێوەی کڵێسا دەرچوبو بەناو خەڵکی نەشارەزاو ئاساییدا بڵاو بوبویەوە، بۆیە پێویستی بەوەبو بە ڕێگایەکی تر چارەسەری بکات، ئەویش بریتی بو لە بەستنی کۆڕبەندێکی گەورە بۆ شارەزایانی جیهانی مەسیحی، چونکە دەیزانی بەستنی کۆنگرەی بچوکی ناوەخۆیی ناتوانێت چارەسەری کێشەکانیان بکات، لە بەرئەوەی(دۆناتییەکان)[18]ی باکوری ئەفریقیا بڕیارەکانی کۆنگرەی ڕۆمایان لەبەرچاونەگرت، کاتێك هەوڵیدا کێشەکانیان چارەسەر بکات (عبدالحمید: ۱۹۷٤، ۱۸۵-۱۸۸).

## ۲.۳ کۆڕبەندی نیقیا

بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیەی لە نێوان زانایانی مەسیحیدا دروستبو، کۆنستەنتین بڕیاری بەستنی یەکەم کۆنگرەی جیهانی مەسیحی دا، بڵاوکراوەیەکی بۆ سەرجەم کڵێساکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نارد بۆ ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا بەشداربن و لەوێدا سروشتی مەسیح و بابەتە کێشە لەسەرەکان یەکلایي بکەنەوە (ألارو، ۲۰۰۷، .pp٧٤٤-٧٤٥؛Potter ، ۲۰۱٤،p . ۱۰٤) ، ئەم کۆڕبەندەش بە کۆڕبەندی(نیقیا Nicaea ) ناسراوە، چونکە لەشاری نیقیا[19] بەسترا، زیاتر لە ۲۵۰[20] ئەسقوف تیایدا بەشداربون (Pamphilus, N. D, p. ۱۲۱)، لە ڕۆژی ۲۰مایۆی ساڵی۳۲۵ز کۆنگرە دەستپێیکرد ( Socrates, ۱۸۸٦p ., ۱۲; سلطان, ۱۹۹۰, p. ۸۵). کاتێك ئیمپڕاتۆر کۆنستەنتین چووە بۆ هۆڵی کۆنگرە، بەشێوەیەکی سادە هەمو تایبەتمەندییەکانی ئیمپراتۆری لە خۆی داماڵیوە، لە لایەن ئەو ئەسقوفەی لە دەستی ڕاستی دانیشتووە[21]ستایش کراوە، بۆ بڕیاری بەستنی ئەم کۆڕبەندە( (عبدالحمید: ۱۹۷٤، ۱۸۵/۱). کۆنستەنتین وتاری کردنەوەی کۆنگرەی پێشکەشکرد، کە تیایدا سوپاسی هاوڕێیانی کرد بۆبەدەنگەوە هاتنیان بەم ژمارە زۆرە بۆ پێشگرتن لە لێکترازانی کڵێسا (أنطوان: ۱۹۹۷، ۱۵۵)، دواتر هاتە سەر باسکردنی هۆکارەکانی بەستنی ئەم کۆنگرەیە، کە بریتی بون لەو کێشە و ململانێیەی لەنێوان کڵێساکان دروستبوبون، هیوای خواست هەمویان لەسەر یەك بیروڕا کۆببنەوە و کاربکەن بۆ دەرخستنی بۆچونی ڕاست بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان و هێنانە کایەی ئاشتی وئاسایش لە ئیمپڕاتۆریادا (مؤلف~مجهول: ۲۰۰۸، ٤۸). ئەوەی لە گوتار و کرداری کۆنستەنتین لەم کۆنگرەیەدا بەرچاودەکەوێت وەك سەرۆکی کۆنگرە ڕفتاری کردوە، لە کاتێکدا کۆنگرەیەکی تەواو ئایینییە و لەسەر کۆمەڵێك بابەتی وردی لاهوتیي مەسیحییە، لەهەمان کاتدا ئەو پلەی(پیاوی ئایینی باڵا Pontifex Maximus)ی هەبو لە ناو ئایینی کۆنی ڕۆمانیدا (ربیع: ۱۹۸۳، ۲۸)؛ المنصوري: ۱۰،۲۰۱۱)، بەڵام ئەو وەکو (ئیمپڕاتۆر و پاپای بێزەنتی/Byzantine Caesoro papism ) و نوێنەری خودا لەسەر زەوی ڕەفتاری کردوە (رزق: ۲۰۱٤، ۱٤)، لە وتارەکەشیدا دەردەکەوێت ئامانجی لەم دەستوەردانە لە کاری ئایینیدا ئەوەیە پارێزگاری لە یەکگرتویی ئیمپڕاتۆریا بکات. دوای وتارەکە چەند لێژنەیەك بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکان دروستکران، یەکەم بابەتیش کە گفتوگۆی لەبارەیەوە کرا بابەتی کێشەی ئاریۆسییەکان بو، گفتوگۆ لە نێوان زانایانی لاهوت دەستی پێکرد لە سەر دیاریکردنی سروشتی مەسیح، بە شێوەیەکی گشتی بونە سێ بەش هەریەکەیان بەپێی بەڵگەی خۆی پاڵپشتی لە بیروڕاکەی دەکرد، گروپی یەکەم ئەثناسیۆسییەکان بون کە میسرییەکان و ڕۆژئاواییەکان نوێنەرایەتییان دەکرد، بەتایبەتی ئەسکەندەری ئەسقوفی ئەسکەندەریە و ئەثناسیۆس، باوەڕیان بە یەکسانی لە نێوان باوك وکوڕدا هەبو لە ناوەرۆکدا (ایسیذورس: د ت، ۲۹۳)؛ (الیعقوبي: ۲۰۱۰، ۱۹۵). گروپی دوەم، کە زۆرتر ڕۆژهەڵاتی بون، لە ناوەڕاستی هەردو گروپەکەی تربون، بەڵام لە باوەڕی ئاریۆسییەکانەوە نزیکتربون، باوەڕیان بە خودایەتیی مەسیح هەبو، بەڵام نەك بەهەمان پلە و هاوتای باوکی (ابرص وعرب أنطوان: ۱۹۹۷، ۱۵۸). گروپی سێیەم ئاریۆسییەکان بون، لەلایەن ئاریۆسەوە سەرکردایەتی دەکران، لە گرینگترین ئەو کەسانەی باوەڕیان پێبو و پاڵپشتی ئاریۆسیان دەکرد، یۆسابیۆسی قەیسەری و یۆسابیۆسی ئەسقوفی نیکۆمیدیا (۳٤۱-؟ز) بون ( Sozomen: W.D, ۳۱-۳۲)، ئاریۆسییەکان زۆر بەتوندی پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد کوڕ دروستکراوە و لە ناوەڕۆکدا لەگەڵ باوکیدا هاوتا نییە ( Socrates,

١٨٨٦ ,39)؛ (شنودة~الثالث: ١٩٩١، ٤)، چونکە پێیانوابو تایبەتمەندیی خودا ئەوەیە سەرەتا و کۆتایی نییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی مەسیح لە مەریەمی پیرۆز لەدایك بوە، واتای ئەوەیە سەرەتای هەیەو هەمان تایبەتمەندیی باوکی نییە، لە بەرامبەریشدا ئەثناسیۆسییەکان بەڵگەیان دەهێنایەوە، بۆ نمونە لە یەکێك لە گفتوگۆکانیان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد، سیانەی پیرۆز(باوك و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز) وەکو قرمیتێك وان، کە لە ئاگرو ئاو وخۆڵ پێکهاتووەو یەکیانگرتووە و بون بە یەك پێکهاتە، ئەمەش واتە سیانەی پیرۆز یەکیانگرتووە، کە بریتییە لە خودا (مؤلف~مجهول: ٢٠٠٨، ٤٩).

لەڕاستیدا جیاوازیی بۆچونی نێوان ئەم دو گروپە پەیوەندیی بەو قوتابخانەوەیە، کە ڕاڤەی کتێبی پیرۆزیان دەکرد، چونکە ئەثناسیۆسییەکان سەر بە قوتابخانەی ئەسکەندەریە بون، پشتبەستوبون بە ڕێبازی سۆفیانەی مانا خوازراو، بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی کتێبی پیرۆز، بەڵام ئاریۆسییەکان بەپێچەوانەوە سەر بە قوتابخانەی ئەنتاکییە بون، پشتیان بەڕێبازی لێکدانەوەی عەقڵی دەبەست (عبدالحمید: ١٩٧٤، ١٧١). ئەم جیاوازییەی نێوانیان بەتەنها لەچوارچێوەی قوتابخانەدا نەمایەوە و هەر بەتەنها ئەوە کاریگەریی نەبو، بەڵکو هەر یەکێکیان لەو دو ئایینزایە پەیوەست بون بە بیروبۆچونی ئەو کۆمەڵگایەی پەیڕەویان کردوە، بۆنمونە ڕۆژهەڵاتی ئیمپڕاتۆریا کاریگەربون بە شارستانیەت و فەلسەفەی یۆنانی و دانیشتوانەکەی زۆریان شارنشین بون، بە پێچەوانەوە ڕۆژئاوا خاوەنی شارستانیەتێکی هاوشێوە نەبون و دانیشتوانەکەشی زۆرینەی لادێ نشین و لە بیرکردنەوەدا سادەبون، جگە لە ڕۆمانەکان، بۆیە ئاسایی بو ئایینزای ئاریۆسی لە چوارچێوەیەکی فەلسەفی لە ڕۆژهەڵات بڵاوبێتەوە ( (کانتور: ٢٠٠٩،٦٦)، بەڵام لە ڕۆژئاوادا بیری ئەثناسیۆسی لە چوارچێوەیەکی سۆزداریدا بڵاوبێتەوە، کە لەگەڵ سادەیی بیری ئەواندا بگونجێت، ئەمەش لەدواتردا بوە هۆی دابەشبونی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی (فرج: ١٩٨٥، ٢٢)، پێمانوایە ئایینی کۆنی هەریەکە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش کاریگەرییان لەسەر جیاوازیی بیرکردنەوە و تێڕوانینیان بۆ ئەو ئایینە نوێیەی پەیڕەوی لێدەکەن هەبوە ، چونکە دەبینین لە ڕۆژئاوادا ئایینی یەکتاپەرستی سەری هەڵنەداوە و هیچ پەیامبەرێك لەوێدا بانگەوازی نەکردوە، بۆیە شارەزاییان نەبوە لەبارەی پێگە و تایبەتمەندیی پەیامبەر ئەمە لە لایەك، لە لایەکیتر لە ئایینی کۆنی ڕۆمانیدا پەیامبەر بونی نییە و ئیمپڕاتۆر نوێنەری خودایە لە سەر زەوی هاوشێوەی خودا دەپەرسترێت، بۆیە هەر بەو شێوازەش لە پێگەی عیسایان ڕوانیوە، بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵات شارەزایی تەواویان لە بارەی یەکتاپەرستی و پەیامبەر هەبو. هەرچۆنێك بێت لە کۆتاییدا کۆنگرەی نیقیا پاش گفتوگۆیەکی زۆر، زۆرینەی بەشداربوان پاڵپشتی مەزهەبی ئەثناسیۆسییانکرد و ئاریۆس وەك دوژمنی کڵێسا ناسێندراو سزادرا، بۆهەرێمی ئیلیریا لە باکوری ڕۆژئاوای هەرێمی یۆنان دورخرایەوە (Sozomen: W.D, [22]٣٩-٤٠(، لە کۆتایی کۆنگرەکەدا کۆمەڵێك بڕیار و یاسا دەرکران، پێیاندەگوترێت (یاسای باوەڕی مەسیحی یان یاسای نیقیا)، لە گرنگترین بڕیارەکانیش دیاریکردنی سروشتی مەسیح بو، بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریاندا و گوتیان "باوەڕمان بە تاکخودایی هەیە، ئەو باوکەی دەسەڵاتی بەسەر هەمو شتێکدا هەیە، دروستکەری زەوی و ئاسمان و هەمو شتێکی بیندراو و نەبیندراوە، باوەڕمان بە تاك خودایی یەسوعی مەسیحە ، ئەو مەسیحەی تاکە کوڕی خودایە، بەر لە هەمو سەردەمەکان لەباوکییەوە هاتۆتە بون و لە ناوەرۆکدا هاوتای باوکیەتی" ( Socrates, ١٨٨٦ , ٣٩)؛ (ابن~قرناس: ٢٠٠٩, ١٤٦)، لەکۆتاییشدا بڕیار درا ئەم یاسایە لەتەواوی ئیمپڕاتۆریادا جێبەجێ بکرێت( (ابن~قرناس: ٢٠٠٩، ١٤٦). گرینگیی کۆنگرەی نیقیاش لەوەدابو، یەکەم جاربو بەشێوەیەکی فەرمی بەئامادەبونی ئەم ژمارە زۆرە لە زانایانی ئایینیی مەسیحی بڕیار لەسەر تەواوی باوەڕی ئایینی مەسیحی بدرێت، ئەمە جگە لەوەی ئەم بڕیارانە بونە بناغەی باوەڕی ئایینی مەسیحی بۆ هەمو ئەو کۆنگرانەش کە دوای نیقیا بەستران[23]، کە پێی دەگوترێت بناغەی یاسای ئایینزای ئەرثودوکسی[24] Arthodox (الخضري: ١٩٨١، ٦٤٢). بڕیارەکانی کۆنگرەی نیقیا نەبونە هۆی چارەسەری کۆتایی لێکترازان وململانێی ئایینی، بەڵکو تەنها چارەسەرێکی کاتی بو، چونکە دوای ماوەیەکی کەم کۆنگرەیەکی تری ئایینی لە دژی کۆنگرەی نیقیا بەسترا (أنطوان: ١٩٩٧، ٢٠٢)، ئەویش پاش ئەوەی کۆنستەنتین زۆر بەخێرایی لە بڕیاری پاڵپشتی کردنی بۆ ئەثناسیۆسییەکان و کۆنگرەی نیقیا پاشگەز بۆوە، فەرمانی لێخۆشبونی بۆ ئاریۆس و تەواوی لایەنگرانی دەرکرد، کە لە ئەرك و شوێنی خۆیان دورخرابونەوە ( Socrates:١٨٨٦,٦٢)، ئەم کارەی کۆنستەنتین هەڵگەڕانەوەیەکی تەواو ناڕونە لە بەڵێنەکانی خۆی، بەڵام ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکرێت کەبونەتە هۆکاری ئەوەی لایەنگری ئاریۆسی بکات. یەکێك لە بۆچونەکان ئەوەیە، کۆنستەنتین لەژێر کاریگەریی هێلینای دایکی بڕیاری لێخۆشبونی بۆ ئاریۆسییەکان داوە، چونکە دایکی زۆر کاریگەر بوە بە لوکیانوسی ئەنتاکی و مەزارگەکەی، ئاریۆس و یۆسابیۆسی نیکۆمیدیش خوێندکاری ئەو بون، بۆیە ئەمانی بەلاوە گرنگ بوە (رستم: ١٩٨٨،٢٠٧)، بە شێکي تر پێیانوایە بۆیە ئەم بڕیارەی داوە، چونکە کۆنستەنتیای خوشکی کاریگەریی لەسەری هەبوە، بە کۆنستەنتینی گوتووە لە کۆنگرەی نیقیادا بەرامبەر ئاریۆسییەکان نادادپەروەر بون، تەنانەت تاکاتی سەرەمەرگیش داوای لێخۆشبونی لە کۆنستەنتین کردوە بۆ لایەنگرانی ئاریۆس، لە هەمان کاتدا کۆنستەنتیا پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ یۆسابیۆسی نیکۆمیدی هەبوە ( Sozomen: W.D, ٨٩)، ئەمە جگەلەوەی بەشێکی تر هۆکارەکەی بۆ زیرەکیی ئاریۆس دەگەڕێننەوە کاتێك بیرۆکەکانی خۆی بۆ کۆنستەنتین باسکردوە پێی کاریگەربوە[25]، چونکە ئاریۆس بەوە ناسراوە لە گفتوگۆ و ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر بەلای خۆیدا زۆر بە توانابوە (حامد: ٢٠١٤، ٢٠١)، بەڵام دەکرێت هۆکاری سەرەکی پەیوەندیی بەلایەنی سیاسیەوە هەبێت، چونکە چەوساندنەوەی لایەنگرانی ئاریۆسی نەبوە هۆی کەمبونەوەیان، بەڵکو ژمارەیان زیاتربو، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات بوبونە مەترسی (صبرة: ٢٠١٢، ٣١)، بۆیە کۆنستەنتین ئەم بڕیارەی داوە بۆئەوەی جارێکیتر سۆزی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات بەدەستبهێنێتەوە. کۆنستەنتین دەربارەی پاڵپشتیکردنی ئاریۆسییەکان، فەرمانی بۆ گەڕاندنەوەی ئاریۆس و هاوڕێکانی بۆ پەتریکیای ئەسکەندەریە دەرکرد، کە لەو کاتەدا ئەثناسیۆس بوبوە پاتریکی ئەسکەندەریە، بەڵام ئەثناسیۆس فەرمانی ئیمپڕاتۆری جێبەجێ نەکرد ( Socrates: ١٨٨٦ ,٦٤)، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کۆنستەنتین هەوڵی بەستنی کۆنگرەیەکی تر بدات لە دژی بەناوی (کۆنگرەی صور) (ویتلر: ٢٠١٠، ٨٣)، لە شاری صور ( لەلوبنانی ئێستا)، لە ساڵی ٣٣٥ز، کە تیایدا ئەثناسیۆس دادگایی کرا، چونکە بە جێبەجێ نەکردنی فەرمانی ئیمپڕاتۆر و هەڵگەڕانەوە ( Pamphilus: N. D, ٤٤٨-٤٤٩ :Socrates) ;(٢٠٨,١٨٨٦) و ڕێگەگرتن لەناردنی گەنم لە میسرەوە بۆ کۆنستەنتیناپۆل تۆمەتبارکرا، چونکە میسر سەرچاوەی سەرەکیی دابینکردنی گەنم بو بۆ ڕۆژئاوا (حامد: ٢٠١٤، ٢٠٢)، جگە لەمەش بڕیاردرا بە دورخستنەوەی ئەثناسیۆس لە میسرەوە بۆ هەرێمی گال و پاڵپشتیکردنی مەزهەبی ئاریۆسی لە هەمو کڵێساکاندا (حامد: ٢٠١٤، ٢٠٢))، تەنانەت زۆرینەی مێژونوسانی کڵێسا جەخت

لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کۆنستەنتین ماوەیەکی کەم بەر لەمردنی لەسەردەستی یۆسابیۆسی نیکۆمیدی(لە ئاو هەڵکێشراوە- تەعمید کراوە)، کە یەکێك بوە لە ڕێبەرانی بیری ئاریۆسی (Pamphilus: N. D, ٢٢٥). ئەوەی جێگای تێبینییە سەبارەت بەم کارانەی کۆنستەنتین، ڕاستە سەرکەوتوبو لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان مەسیحیەکان و لایەنگرانی ئایینی کۆنی ڕۆمانی و کۆتایهێنان بە چەوساندنەوەیان، بەڵام لە چارەسەرکردنی لێکترازانی ئایینی و کێشەناوەخۆییەکانی ئایینی مەسیحی سەرکەوتوو نەبو، چونکە ئەو لێکترازانەی لە ناو ئایینی مەسیحیدا دروستبوبو لەسەر بنەمای هزر و فەلسەفە بو. ئاریۆسییەکان بە فەلسەفەی یۆنانی و هزری ڕۆژهەڵاتی کاریگەربون، لە بەرامبەریشدا ئەثناسیۆسییەکان بە دەقی ئایینی مەسیحی پابەند بون و لە دەقەکان دەرنەدەچوون، ئەوەش بوە هۆی زیادکردنی ئەو درزەی کە لە نێوانیاندا دروستبوبو نەگەن بە یەکتری، ئەمەش بە ڕونی لە قۆناغی دوای خۆیدا دەرکەوت.

## ٤. ئەنجامەکان

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

**١.** دانان بە ئایینی مەسیحی لە لایەن کۆنستەنتینەوە بۆ هۆکارێکی سیاسی دەگەڕێتەوە نەك ئایینی، چونکە کۆنستەنتین توانی ئەو ئایینە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاربهێنێت، بەتایبەتی بۆ هاندان و بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکانی دژ بە ڕکابەرەکانی و توانی بەهۆی ئەوەوە لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری سیاسی لە سیستەمی چوارینەی بەڕێوەبردنەوە بۆ سیستەمی تاکڕەوی سەرکەوتوبێت.

**٢.** ئایین کاریگەر و کارلێکراوە، واتە بەو مانایەی ئایین لە ناو هەر کۆمەڵگایەك و ناوچەیەکدا بڵاوبێتەوە ئەو ئایینە نوێیە کۆمەڵێك کاریگەریی بەسەر ئەو ناوچە و کۆمەڵگەیەی تێیدا بڵاوبۆتەوە دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو ناوچەیەش کاریگەری بە سەر بیری ئەو ئایینەی وەری گرتووە دەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بیگونجێنێت، ئەمەش بە تەواوەتی بە سەر ئایینی مەسیحیدا جێبەجێ دەبێت، چونکە دەبینین ڕاستە ئایینی مەسیحی کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر کۆمەڵگەی ڕۆمانییەوە دروستکرد، بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد بکەین ئایینی مەسیحیش لە زۆر ڕووەوە کەوتە ژێر کاریگەری ئایینە ناوچەیی یان ئایینە فرەپەرستییەکان و فەلسەفەی ڕۆژئاوا، بۆیە دەبیندرێت ئەو ئایینەی کە لە ڕۆژهەڵات سەریهەڵدا کاتێك چووە ڕۆژئاوا و جارێکیتر گەڕایەوە تەواو جیاوازبوو لەو ئایینەی پێشو، ئەمەش پەیوەندی بە تێکەڵبوونی بە ئایین و فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەتایبەتی فەلسەفەی یۆنانییەوە هەبوو، چونکە ئایینی مەسیحی لە سەرەتادا زۆر سادەبوو، کاتێك زانایانی ئایینی مەسیحی هاتن وردبوونەوە بەپێی فەلسەفەی یۆنانی لێکدانەوەو شیکردنەوەیان بۆ ئایینەکە کرد، بەتایبەتی بەپێی فەلسەفەی ئەرستۆ و پلاتۆن هەرئەمەش بووە هۆی دروستبوونی قوتابخانەکان، بۆیە ئەگەر قوتابخانەکان بەگشتی و قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی هەر لێکدانەوە و ڕاڤەکردنێکیان هەبێت لە بارەی دەقی ئینجیل و سروشتی مەسیح، ئەوە بنەڕەتی بیرۆکەکە پەیوەندی بە بیر و لێکدانەوەی ڕۆژئاواوە هەیە، واتە قوتابخانەکان و جیاوازی کلتوری نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی گروپە ئایینیە جیاوازەکانن.

**٣.** دەتوانین بڵێین دانپێدانان بە ئایینی مەسیحی لە سەدەی چواردا بووە هۆی درێژکردنەوەی تەمەنی ئیمپڕاتۆریا و ڕزگارکردنی بە شێوەیەکی کاتی بۆ چەند ساڵێك، بەڵام لە دواتردا بەهۆی ئەوەی نەتواندرا لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەر بکرێت، بۆیە ئیمپڕاتۆریای ڕۆمانی جارێکیتر گەڕایەوە هەمان بارودۆخی سەدەی سێیەم بەهۆی ململانێی سیاسی و ئاژاوەی ناوخۆیی و هەڵگەڕانەوە لە ئیمپڕاتۆر و کێشەی ئایینی، ئەم زنجیرە ڕوداوانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هاتنە سەر دەسەڵاتی چەند ئیمپڕاتۆرێك لە دوای ئیمپڕاتۆر کۆنستەنتینی گەورەوە هەبوو، چونکە جگە لە ثیۆدۆسیۆسی یەکەم ئەوانیتر کۆمەڵە ئیمپڕاتۆرێکی لاوازبوون توانای بەڕێوەبردنی ئیمپڕاتۆریایان نەبوو و نەیان توانی سەرکەوتوو بن لە لایەنی ئایینی، لاوازی لە لایەنی ئایینی بووە هۆی باڵا دەستبوونی پیاوانی ئایینی و دروستبوونی دەوڵەتێکی ئایینی لەناو ئیمپڕاتۆریای ڕۆمانی.

## ٥. لیستی سەچاوەکان


أبرص، الأب ميشال و أنطوان، عرب. (١٩٩٧). *المجمع المسكوني الاول(نيقيا الاول ٣٢٥ز)*. بيروت: البوليسية.

ابن~قرناس. (٢٠٠٩). ،*مسيحية بولس وقسطنطين*. بيروت: منشورات جمل.

اسطفيان، نجيب. (٢٠١١). صراعات الكنيسة وسقوط القسطنطينية. دمشق: دار التكوين.

ألارو، عبدالرزاق عبدالمجيد. (٢٠٠٧). مصادر النصرانية(دراسة ونقدا). رياض: دار التوحيد للنشر.

أوروسيوس. (١٩٨٢). *تاريخ العالم*. (تر.عبدالرحمن بدوي) بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

ايسيذورس. (د ت). الخريدة النفيسة في تاريخ الكنيسة. د م.

البابا شنودة~الثالث. (١٩٩١). *طبيعة المسيح*. القاهره: الأنبارويس الأويس الأوفست.

البرموسي. (١٨٩٧). *حسن السلوك في تاريخ البطاريكة والملوك*. د م.

بينز، نورمان. (١٩٥٠). الامبراطورية البيزنطية. (تر.حسين مؤنس و محمود يوسف زايد) القاهرة: مطبعة لجنة التأليف و الترجمة و النشر.

تشينسكي، يان دوبرا. (٢٠٠٧). أوروبا والمسيحية(الألفية الاولى) (المجلد ١). (تر. كبرو لحدو) دمشق: دار الكلمة للنشر والتوزيع.

توفيق، عمر كمال. (١٩٦٧). تاريخ الامبراطورية البيزنطية. الاسكندريه: دار المعارف.

حامد، اسماعيل. (٢٠١٤). *تأريخ المسيحية منذ ميلاد المسيح الى الفتح العربي لمصر*. الطيبة: دار الطيبة.

الخضري، حنا جرجيس. (١٩٨١). تاريخ فكر المسيحي(يسوع المسيح عبر الاجيال) (المجلد ٤). القاهرة: دار الثقافة.

ربيع، حسنين محمد. (١٩٨٣). دراسات فى تأريخ الدولة البيزنطيه. القاهره: دار النهضه العربية.

رزق، علاء طه. (٢٠١٤). قضايا من تاريخ العصور الوسطى. الجيزة: دارالعين.

رستم، اسد. (١٩٨٨).*كنيسة المدينة الله انطاكية العظمى* (المجلد ١). بيروت: المكتبة البوليسية.

رستم، سعد. (٢٠٠٥). الفرق والمذاهب المسيحية منذ الضهور الاسلام حتى اليوم. دمشق: الاوائل.

سلطان، سلطان عبدالحميد. (١٩٩٠). المجامع النصرانية ودورها في تحريف المسيحية. القاهرة: مطبعة الأمانة.

الشامي، فاطمة قدورة. (٢٠٠٢). الحضارة البيزنطية. بيروت: دار النهضة العربية.

صبرة، عفاف سيد. (٢٠١٢). تأريخ الدولة البيزنطية. ،عمان: دار المسيرة.

عبدالحميد، رأفت. (١٩٧٤). الدولة والكنيسه (المجلد ١). دمشق: دار القلم للطباعة والنشر.

عمران، محمود سعيد. (١٩٨٦). معالم تأريخ أوروبا في العصور الوسطى. بيروت: دار النهضة العربية.

فرج، وسام عبدالعزيز. (١٩٨٥). دراسات فى التأريخ و الحضارة الامبراطورية البيزنطة. الاسكندريه: دار المعرفة .

فرح، نعيم. (٢٠١٢). تأريخ بيزنطية السياسى. دمشق: جامعة دمشق.

كانتور، نورمان ف. (٢٠٠٩). تأريخ الوسيط(قصة الحضارة البداية والنهاية. (تر.قاسم عبدة قاسم) مصر: دار العين.

الكيلاني، جمال الدين فالح. (٢٠١١). تأريخ أوروبا في العصور الوسطى. القاهرة: مكتبة المصطفى للدراسات والنشر.

المغربي، محمد عبدالشافي. (٢٠٠٤). العصور الوسطى الاوروبية(رؤية في المصادر والنصوص التاريخية وعمليات التعليق والترجمة. الاسكندريه: دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر .

المنصوري، حسين. (٢٠١١). مجمع نيقية المجمع المسكوني الاول. د م ط: اصدارات الامام المهدي.

مؤلف~مجهول. (٢٠٠٨). تأريخ ملوك القسطنطينية. (تر.طارق منصور) الجيزة: مصر العربية للنشر والتوزيع.

هلستر، س.ورن. (١٩٨٨). أوروبا فى العصور الوسطى. (تر.محمد فتحى الشاعر) مصر: مكتبة الأنجلو مصرية.

ويتلر، ج. (٢٠١٠). الهرطقة في المسيحية(تأريخ البدع والفرق الدينية المسيحية. (تر.جمال سالم) بيروت: دار التنوير.

اليعقوبي،احمد بن ابي يعقوب بن جعفر بن وهب ابن واضح (٢٠١٠)، *تاريخ اليعقوبي* (المجلد١). (تح.عبدالامير محنا) بيروت: شركة الاعلمي للمطبوعات.

يوسابيوس القيصري. (١٩٧٩). تأريخ الكنيسة. (تر.مرقس داود) القاهرة.

اليوسف، عبدالقادر أحمد. (١٩٦٧). العصور الوسطى الأوربية ٤٧٦-١٥٠٠. بيروت: مكتبة العصرية.

Bright, William M.A . (1860)History of The church From Edict of Milan to the council of Chalcedon 451 AD, London: J.H. and Jas. Parker.

Burckhardt ,Jacob.(1983)The Age of The Constantine The Great,California: University of California press.

Clarq ,Victor Cyril De .(1954), Ossius of Corva(A contribution of The Constantine Period), Washington: Catholic university of America press.

Downey ,Glanville.(1961) A History of Antioch in Syria(From Seleucus to The Arab conquest), Turkey: Princeton university press.

Eadie ,J.W .(1971)The Conversion of Constantine, New York :Holt Rain Hart and Winston.

Evagrius,Scholasticus .(2000),The Ecclesiastical history of Evagrius, Liverpool: Liverpool University Press, Tr. Michael Whitby.

Hobbs ,Lauren M.(2014), The Religion of Constantine I, Ottawa: University of Ottawa.

Jones, A.H.M .(1972)Constantine and the conversion of Europe, London: penguin.

Lactantius.( 1871), The Works of Lactantius, London: Morrison and Gibb Limited ,Tr. William Fletcher.

Laughlin, Tyler yung. (2007), The Controversy of Constantine's Conversions to Christianity, western Oregon university.

Miller, Andrew.(2013), Church History,USA: Delmarva publication.

Odhal,Charles Matson.(2005),Constantine and The Christian Empire, New York: Routledge.

Ozdemir, Aygul.( 2003), The policies of the Roman emperors in the process of Christianization,middle east technical university.

Pamphilus,Eusebius.(W.date),life The Blessed Emperor Constantine, London.

Potter , David S .(2014),The Roman Empire At bay AD180-395, London New York : Routledge.

Socrates, Scholasticus.( 1886), Socrates and Sozomenus Ecclesiastical Histories, New York: Literature Publishing.

Theodoret.(W.Date):The Ecclesiastical History, W.Place.

Theodorich's.(1891),Description of the holy places, London: Subscribers Only ,tr: Aubrey Stewart.

Theophones .(1997), The chronicle of Thephones Confessor, London, Tr: C. Mango and R. Scott.

Unknown Author .(1946), The Roman World, USA ,F.S.Crofts and Co. Ing.

William, G. sinnigen.(1937), A History of Rome, London.

---

(1) گالیروس لەساڵی ٣١١ز توشی نەخۆشییەکی کوشندە بو، هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد، بۆیە مێژونوسانی کڵیسا باوەڕیان وایە ئەمە سزایەکی خودایی بوە بۆ ئەو، چونکە مەسیحییەکانی چەوساندۆتەوە و زۆر ئازاری داون(ربيع،١٩٨٣: ٢٣).

(2) ئەمانە دوانزدە خوێندکاری نزیکی مەسیح بون، ناویان (پەترۆس، ئەندراوس، یەعقوب، یوحەنا، فیلپس، تۆما، بەرثوڵماوث، مەتا، یەعقوبی کوڕی حەلفي، تەداوس، سەمعان غیور، ماتیاس)، هەندێك جاریش پێیان دەگوترێت پەیامبەرانی مەسیح (یوحنا: ١، ١٣)، وازیان لەژیانی دونیا هێنابو و خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی تەرخانکردبو، بەشێکی زۆری سەرکەوتنی ئایینەکە بۆ کارەکانی ئەوان دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەوە توشی ئازار و ئەشکەنجەی زۆر بونەوە.

(3) شارێکی گەورەیە دەکەوێتە هەرێمی جەزیرە لەڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات، زۆربەی دانیشتوانەکەی مەسیحی بون، لەلای مەسیحییەکان شارێکی گرنگە، ژمارەیەکی زۆری کڵێسا و دێری ئایینی مەسیحی تێدایە (الاصطخري،١٩٦١: ٥٤)، لە ئێستادا پێی دەگوترێت ئورفە.

(4) بۆیە جێگای بایەخ و وردبونەوەیە ئەناستاسیا کچی ثیودورای خێزانی دووەمی کۆنستەنتیۆسە (الناصري: ١٩٩١، ٤٣٥)، هیچ ئاماژەیەکیش نییە بۆ بە مەسیحیبونی ثیۆدۆرا، گەر کچی هێلینا بوایە نەدەبو بە بەڵگەیەك.

(5) ئاماژەیەك هەیە، کە لاکتانتیۆسی مێژونوسی مەسیحی لەکۆشکی نیکۆمیدیا ئەرکی پەروەردەکردنی کۆنستەنتینی لە ئەستۆ بوە لە تەمەنی لاویدا(الناصري،١٩٩١: ٤٢١)، دەکرێت کاریگەریی لەسەر کۆنستەنتین هەبوبێت یاخود لەسەر ئایینەکە زانیاری لەوەوە فێربوبێت، لەهەمان کاتدا دەکرێت ئەو شارەزاییەی بەهۆی ئەوەوە بێت دایکی باوەڕدارێکی مەسیحی بوە.

(6) لەسەدەی یەکەمدا مەسیحییەکان لەکاتە ناخۆش و نەخوازراوەکاندا وێنەی خاچیان دەکێشا، ئامانجیشیان لێی خۆ بەدورگرتن بو لە ئەهریمەن و ڕۆحی خراپ (Laughlin: ٢٠٠٧ ,٨).

(7) مێژونوسان لەبارەی ساڵی چونی هێلینا بۆ ئۆرشەلیم جیاوازییان هەیە، نوسەری نادیار دەڵێت ساڵی ١٩ی ئیمپڕاتۆریی بو واتە ساڵی(٣٢٥ز)( ٢٠٠٨: ٢٥)، ثیۆفانیس پێیوایە ساڵی ٢١ی ئیمپراتۆریی بوە(١٩٩٧: ٤١)، بەڵام مەسعودی دوای دەخات بۆ ساڵی ٢٤ی ئیمپڕاتۆریی و بە بۆچونی خۆی بۆ مێژونوسانی تری ڕاستکردۆتەوە (١٩٣٨، ١٢٤).

(8) ئەم وشەیە لە (Episkops)ی گریکییەوە وەرگیراوە، بەواتای چاودێر یان سەرپەرشت دێت، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی چەند کڵێسایەکی لە ئەستۆ دایە و بە ئەسقوفەکان دەگوترێت جێنشینانی پەیامبەر (اليسوعي: ١٩٩٨، ٣٩-٤٠).

[9] تویژەرێك ئاماژە بۆئەوە دەکات، کە ئەم چیرۆکە ناڕاستە و بەر لەدۆزینەوەی خاچی پیرۆز هێلینا کۆچی دوایی کردووە(عبید: ١٩٧٠، ١٤-١٥).

[10] خوداوەندی یۆنانییەکانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕۆمانەکان کەوتبونە ژێر کاریگەریی شارستانییەتی یۆنانی ئەو خوداوەندەی ئەوانیان بە هەمان شێوەی خوداوەندانی خۆیان دەپەرست، ئاپۆلۆ بە خوداوەندی (تیشکی خۆر- ڕوناکی) ناسراوە، کاری زانیین و پێشبینیکردنە، ڕۆمانەکان لە کاتی بەستنی هاوپەیمانی و پەیوەندیی دۆستانە بە ناوی ئەوەوە سوێندیان دەخوارد(سواح،٢٠٠٥: ٣/ ٥٧-٦٠).

[11] لەساڵی ٢٥٦ز لە قورینا(لیبیای ئێستا) لەدایکبوە، لە سەرەتادا لە ئەسکەندەریە وانەی خوێندووە، بەڵام دواتر بە خوێندنگەی ئەنتاکییە کاریگەربوە و لەژێر دەستی لوکیانۆسی ئەنتاکی بەڕێوەبەری خوێندنگەکە خوێندویەتی، لەساڵی ٣٣٦ز کۆچی دوایی کردووە(البولیسي والفاخوري: ٢٠٠١، ٤٤٧) ؛(الخضري:١٩٨١: ٤، ٦١٨-٦١٩).

[12] مەبەست لەسیانەی پیرۆز واتە خودای(باوك)وعیسای(کوڕ)و روح القدس(گیانی پیرۆز)ە(الخضري:١٩٨١، ٤/ ٥٣١).

[13] وەك ئەسقوف (کلیمینس Clemens )ی ئەسکەندەری ١٤٠ یان١٥٠-٢١٦ز و ئەسقوف(Origenes ئۆریگن ) ١٨٥-٢٥٤ز(البولیسي والفاخوري: ٢٠٠١، ٣٨٩، ٣٩٣).

[14] یەکێکە لەو ئایینزایانەی لەسەدەی دووەم لە میسر دەرکەوتووە و بە شێوەیەکی نهێنی کاریانکردووە، بیروباوەڕیشیان تێکەڵەیەك بوە لە ئایینی فرەپەرستی و ئایینی مەسیحی،ئامانجیشیان لێك نزیکردنەوەی هەردوو ئایینەکە بوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەکانی کتێبی پیرۆز (عطیة: ٢٠٠٥، ٤٦).

[15] یەکێکە لە مامۆستا بەناوبانگەکانی قوتابخانەی ئەنتاکیە، بەشێوازی ڕەخنەیی ئینجیلی ڕاڤەکردووە، لە سەدەی سێیەم لەشاری سمیساط لەدایکبوە و لەساڵی ٣١٢ز لەشاری نیکۆمیدیا کوژراوە(رستم: ١٩٨٨، ١٤٤-١٤٥).

[16] لە ساڵی ٢٩٥ز لە شاری ئەسکەندەریە لەدایکبوە و لەوێ خوێندویەتی، بەڵام لە بنەڕەتدا خەڵکی یۆنانە و هەڵگری ڕۆشنبیریی یۆنانی بوە، خاوەنی چەندین بەرهەمە دژ بە بۆچونی ئاریۆسییەکان، لەسەر بیروبۆچونەکانی چەندین جار دورخراوەتەوە، لە ساڵی ٣٧٣ز کۆچی دوایی کردووە(البولیسي والفاخوري: ٢٠٠١، ٤٥٣-٤٥٥).

[17] لە ساڵی ٢٥٧ز لەدایك بوە، ئەسقوفی شاری کۆرتوبا(قورتوبە) بوە لە ئیسپانیا، لە ساڵی ٣١٣ز بوەتە ڕاوێژکاری ئیمپراتۆر بۆ کاروباری ئایینی مەسیحی و لە ساڵی ٣٥٨ز کۆچی دوایی کردووە (Clarq, ١٣:١٩٥٤/٤٤-٤٥).

[18] یەکەم گروپ بون لە ئایینی مەسیحی جیابونەوە، دواتر بو بە ئایینزایەك، چونکە لە سەرەتادا بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بو لە لایەن قەشە(دۆناتیۆس Donatus ؟-٣٥٥ز)وە سەرکردایەتی دەکران، بیرۆکەکەی بەشێوەیەکی خێرا بەناو دانیشتوانی باکوری ئەفریقیادا بڵاو بویەوە، ئیمپراتۆریاش بەهێز ڕوبەڕویان بویەوە، چونکە ئەوان باوەڕیان بە سیانەی پیرۆز نەبو و ڕەتیان دەکردەوە( Hoover,١٨,٨:٢٠٠٨).

[19] ئەم شارە دەکەوێتە ناوچەی (Bythinia بیثینیا) لە هەرێمی ئاسیای بچوك، لە ئێستادا دەکەوێتە وڵاتی تورکیا و پێی دەگوترێت(Iznikئیزنیك)(Blake and Edmonds,٨٦:١٩٧٧).

[20] مێژونوسانی کڵێسا و پیاوانی ئایینی مەسیحی جیاوازییان لە تۆمارکردنی ژمارەی ئەسقوفانی بەشداربوی کۆنگرەکە هەیە، هەرچەندە بەشێکیان بەشداربون، بۆنمونە ئەثناسیوس دەڵێت ژمارەیان ٣١٨ ئەسقوف بو(٩:١٩٩٨)، بەڵام یۆسابیۆس پێیوایە زیاتر لە ٢٥٠ ئەسقوف بون (Eusebius: W.D, ١٢١).

[21] یوسابیوس دەڵێت " یۆسابیۆس لەدەستە ڕاستی ئیمپراتۆر دانیشتوەو وتاری بەخێرهاتنی پێشکەش کردوە" (W.Date,١٢١)، دیارە مەبەستی یۆسابیۆسی نیکۆمیدیە، بەڵام مؤلف مجهول دەڵێت یۆستاتیۆسی پاتریاکی ئەنتاکیە بوە(٢٠٠٨: ٤٧)

[22] لەیەکێکی تر لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بۆ هەرێمی (وڵاتی گال) دورخراوەتەوە (مؤلف مجهول: ٢٠٠٨، ٤٨).

[23] زۆرێك لە تویژەران جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە بە هۆی بەستنی ئەم کۆنگرانەوە بە تایبەتی کۆنگرەی نیقیا، ئایینی مەسیحی تێکەڵ بە کۆمەڵێك بنەمای ئایینی فرەپەرستی کرا و لە ناو ئایینی مەسیحی جێگایان کردەوە، وەك بابەتی سیانەی پیرۆز و جەژنی زیندوبونەوە و هیتر،بۆ زانیاریی زیاتر دەڕوانرێتە (البیروتي،٥٤:١٩٨٨)؛ (نایتون و یونغ: د.ت، ١٩).

[24] وشەیەکی گریکییە بە مانای باوەڕی ڕاست دێت(کۆنیارس: ٢٠٠٥، ٢٣).

[25] ئەویش لەڕێگەی ناردنی نامەیەکی تایبەت بۆ ئیمپراتۆر لەساڵی ٣٣٤ز، چونکە ئاریۆس دورخرابۆوە نەیدەتوانی سەردانی کۆشکی ئیمپراتۆری بکات، بۆ بینینی تەواوی نامەکە بڕوانە(ابرص وعرب: ١٩٩٧، ٣٤١-٣٤٢).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp49-58